بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى ﴿1﴾

تەسبیحات و ستایشی پەروەردگاری بەرزو بڵندو پایەدارت بکە.

الَّذِي خَلَقَ فَسَوَّى ﴿2﴾

ئەو زاتەی کە دروستکاری هەموو شتێکە بە جوانی و ڕێکوپێکی و تێرو تەواوی.

وَالَّذِي قَدَّرَ فَهَدَى ﴿3﴾

ئەو زاتەی کە هەموو شتێکی بە شێوەیەکی لەبارو هاوکار لەگەڵ شتەکانی تردا (دروست کردووە، پەیوەندی بەرپا کردووە لە نێوان جیهانی ئادەمیزادو ڕووەك و ئاژەڵ و باڵندەو مارو مێروو ئاوو هەواو خۆرو گڵ و..هتد).

وَالَّذِي أَخْرَجَ الْمَرْعَى ﴿4﴾

هەر ئەو زاتەیە کە گژوگیا دەڕوێنێت و دەیکاتە لەوەڕگا بۆ ئاژەڵ.

فَجَعَلَهُ غُثَاءً أَحْوَى ﴿5﴾

(بەڵام دوای ماوەیەك) دەیکاتە پوش و پەڵاشێکی زەردو وشك.

سَنُقْرِؤُكَ فَلَا تَنسَى ﴿6﴾

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) ئێمە قورئانت لە ڕێگەی جوبرەئیلەوە بەسەردا دەخوێنینەوە، ئیتر (غەمت نەبێت) هەرگیز بیرت ناچێت.

إِلَّا مَا شَاءَ اللَّهُ إِنَّهُ يَعْلَمُ الْجَهْرَ وَمَا يَخْفَى ﴿7﴾

مەگەر شتێك ویستی خوای لەسەر بێت، چونكە بەڕاستی ئەو ئاگاداره بەو شتانەی كە ئاشكراو دیارن، هەروەها بەوانەش كەشاراوەن.

وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى ﴿8﴾

ئێمە یارمەتیت دەدەین بۆ ئەنجامدانی هەموو چاكەیەك، هەموو خێرێك، هەموو كارێكی لەبارت بۆ ئاسان دەكەین.

فَذَكِّرْ إِن نَّفَعَتِ الذِّكْرَى ﴿9﴾

تۆ ئیتر لەسەر یاد خستنەوەو یاداوەری ئەو كەسانە بەردەوام بە كە سوودیان وەرگرتووەو ئامادەن زیاتر تێبگەن.

سَيَذَّكَّرُ مَن يَخْشَى ﴿10﴾

ئەو كەسەی كە ترسی خوای لە دڵدا بێت یاداوەری وەردە گرێت.

وَيَتَجَنَّبُهَا الْأَشْقَى ﴿11﴾

ئەوەش كە خوانەناس و سەرسەخت بێت، خۆی لادەدا لە ئیمان و خۆی دوور دەخاتەوە لە ئامۆژگاری خێر.

الَّذِي يَصْلَى النَّارَ الْكُبْرَى ﴿12﴾

ئەو (جۆرە كەسانە) دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخی (سوتێنەرو سامناك)و گەورەوە.

ثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحْيَى ﴿13﴾

لەوە دوا نە ئەوەیە بمرێت و (ڕزگاری ببێت، نە ئەوەشە كە) ژیانێكی (ئاسایی بەسەر بەرێت).

قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّى ﴿14﴾

بێگومان ئەو کەسە سەرفەرازە کە دەروونی خۆی پاك و پوخت و خاوێن ڕادەگرێت.

وَذَكَرَ اسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى ﴿15﴾

ناوی پەروەردگاری دەبات و نوێژی بۆ دەکات و کڕنوش و سوجدەی بۆ دەبات.

بَلْ تُؤْثِرُونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ﴿16﴾

(کەچی خەڵکینە ئێوە) زیاتر ژیانی دنیاتان مەبەستە، وە بە گرنگتری دەزانن.

وَالْآخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَى ﴿17﴾

لەکاتێکدا قیامەت و بەدەستهێنانی بەهەشت چاکترەو بەردەوامیشە (هەر بەراورد ناکرێت لەگەڵ تەمەنی کورتی دنیادا).

إِنَّ هَذَا لَفِي الصُّحُفِ الْأُولَى ﴿18﴾

بێگومان ئەم یادخستنەوانە لە پەڕاوە دێرینەکانیشدا باسکراوە.

صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ وَمُوسَى ﴿19﴾

(لەوانە) کتێبە پیرۆزەکانی ئیبراهیم و موسا پێغەمبەر (سەلامی خوایان لێبێت).